**بەش : باخچەی منداڵان**

**کۆلێژ : پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆ: سەلاحەددین**

**بابەت : بنەماکانی مافی منداڵ**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی یەکەم - کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا : سروە علاءالدين عمر / مامۆستای یاریدەدەر**

**ساڵی خوێندن: 2023/2022**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | مافەکانی منداڵ |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | سروە علاءالدین عمر / مامۆستای یاریدەدەر |
| 3. بەش/ کۆلێژ | باخچەی منداڵان / پەروەردەی بنەڕەتی |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: sirwa.omer@su.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | 3 کاتژمێر تیۆری |
| 6. ژمارەی کارکردن | 6 کاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | |
| 9. وشە سەرەکیەکان | مافەکان , منداڵ, مرۆڤ, خێزان, دایك و باوك, رێکەوتننامە, خواردن خواردنەوە, ئایین , کۆمەڵگا, ئازادی, یەکسانی, توند و تیژی, پێگەیاندن, کۆمەلأیەتی, خوێندن , چوونە قوتابخانە, پەروەردە , ئیسلام, رێنمایە , گەشە, پەروەردەی ژیری. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

ئەم بابەتە قوتابیان ئاشنا دەکات بەو مافانەی کە منداڵ هەیەتی و کە پێویستە بۆی دابین بکرێت, ئنجا زانینی ئەم مافانەو زانینی ئەوەی ئەم ئەرکانە دەبێت لەلایەن کێوە دەبێ بۆی دابین بکرێت ئایا خێزان دەبێ دابینی بکات یان مافی دەوڵەتە؟ هەروەك دابین کردنی ژیانێکی خۆش و ئاسودە بۆ منداڵ وە دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران و مافی منداڵ لە مانەوەو پێشکەوتن و گەشە, پارێزگاری کردن لە ورۆژێنەری

زیانبەخش و خراپی مامەڵە و(استغلال)کردن , بەشداریکردنی لەگەڵ خێزان لە ژیانی رۆشنبیری و تێکەڵاوی مافی منداڵ لە فێرکردن و لە بوونی ناو و ناسنامە و لە هەبوونی خێزان , مافی منداڵ یاری کردن . چونکە منداڵ بونەوەرێکی پیرۆزە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە کە ژینگەی لەبار بۆ گەشەکردنی بخولقێنێ تاوەکو لە دوارۆژدا مرۆڤێکی تەواو و بەرهەم هێنەر و سوود بەخشی لێ دەربچێت ، منداڵانی ئەمڕۆ و داهاتوو دیاری دەکەن و پەروەردە کردنیان لەسەر بناغەیەکی زانستی ئەرکێکی مێژووییە و نەوەی ئەمڕۆش بەرپرسیارن لێیان .

**11.** ئامانجی کۆرس

ئامانجی بابەتەکە زانینی مافەکانی منداڵ بەگشتی و زانینی ئەو مافانەی کە باوان واتە دایك و باوك دەبێ جێبەجێی بکەن هەروەها ئەو مافانەش کە ئەرکی حکومەتە بۆیانی جێبەجێ بکات , دیاریکردنی دانە بە دانەی ئەم ئەرکانەیەو شیکردنەوەیانە هەروەها بزانێ کە منداڵ بونەوەرێکی پیرۆزە و ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە کە ژینگەی لەبار بۆ گەشەکردنی بخولقێنێ تاوەکو لە دوارۆژدا مرۆڤێکی تەواو و بەرهەم هێنەر و سوود بەخشی لێ دەربچێت ، منداڵانی ئەمڕۆ و داهاتوو دیاری دەکەن و پەروەردە کردنیان لەسەر بناغەیەکی زانستی ئەرکێکی مێژووییە و نەوەی ئەمڕۆش بەرپرسیارن لێیان .هەروها دیاریکردن و روونکردنەوەی ئەو ئەرکانەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆیانی فەراهەم کردووە, باسکردنی ئەو رێکەوتنامانەی کە واژووی لەسەر کراوە بۆ دیلریکردنی مافەکان و هەروەها مێژووی ریکەوتننامەکە .

**12.** ئەرکەکانی قوتابی

داوا لە فێرخوازان دەکەم ئامادەبن لە وانەکاندا چونکە زۆر گرنگە هەروەها داوایان لێدەکەم هەردەم لە کاتی خۆیدا ئامادەبن و تیانووسی تایبەت بە بابەتەکە ئامادە بکەن بۆ تۆمارکردنی شتە گرنگەکان کە لەکاتی وانەکەدا دەخرێتە ڕوو , لەگەڵ بوونی تاقیکردنەوەی (کیوز)ی لەناکاو .

**13.** ڕێگەی وانە ووتنەوە

1. سەبورە (White Board) بۆ تۆمارکردنی خاڵە گرنگەکان و ڕوونکردنەوەیان .
2. بەکارهێنانی (Power Point Presentations) بۆ خستنە ڕووی ناونیشانی وانە, پێناسە, پۆلێنکردن, پوختە, دەرئەنجام, هێلکاری, شێوەکان و وێنە بۆ روونکردنەوە .
3. داوا لە فێرخوازان دەکەم تێبینیە گرنگەکان تۆمار بکەن تا بێتە پاڵپشتێك بۆیان لەگەڵ وانەکانی بۆ زیاتر سوود وەرگرتن لێی و تێگەیشتنی زیاتر لە بابەتەکە .

**14.** سیستەمی هەڵسەنگاندن

فێرخوازان تاقیکردنەوەیەکی کتێبی داخراو, لە ناوەندی دوومانکەکەدا ئەنجام بدەن کە (20) نمرەی لەسەرە وهەروەها تاقیکردنەوەیەکی تر ئەنجام دەدرێت بەر لە تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەویش کە (20) نمرەی لەسەرە, تاقیکردنەوەی کۆتایش لەسەر (60) نمرە ئەنجام دەدرێت .

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

**دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە ئامانجی بابەتەکە بخەینە ڕوو :**

- **زانینی ئەوەی کە منداڵ دەبێ خێزانی هەبێ .**
- **زانینی ئەوەی کە منداڵ هەرکە لەدایك دەبێت, دەبێ ناوێکی بۆ دابنرێت و ناونووس بکرێت.**
- **دەبێ بزانێ مافی ئەوەشی هەیە کە ناسنامە (نەتەوەنامە) وەربگرێت.**
- **بزانێ لەسایەی نازی دایك و باوکیدا بەخێو بکرێت .**

**منداڵان مافی ئەوەیان هەیە, کەبە ئازادی و ئاشتی پێکەوە کۆببنەوە و کۆمەڵەی تایبەت بەخۆیان هەبێت .**

- **پاراستنی منداڵ لە هەموو توندو تیژی و خراپە و زیان پێگەیاندنی گیانی و هۆش, ناشبێ پەراوێز بکرێت .**
- **پێویستە تەندروستی منداڵ بپارێزرێت, ئەگەر نەخۆش کەوت و پێویست بکات, ببرێت بۆ لای پزیشك یا بۆ نەخۆشخانە .**
- **مافی چارەسەرکردن و کوتان و داودەرمانی پێویستی هەیە .**
- **هەموو منداڵێك مافی خوێندن و چوونە قوتابخانەی هەیە .**
- **هەموو منداڵێك مافی ئەوەی هەیە, کە گوزەرانی ژیانی لەئاستێکی شیاو دابێت بۆئەوەی لەشی وهۆشی و دەروونی و لەرووی مەعنەوی و کۆمەڵایەتیشەوە گەشە بکەن .**

**16. لیستی سەرچاوە**


- **د. رشيد المهنا , المنظمات الدولية , دار الكتب للطباعة و النشر ,** الموصل, بلا سنة طبع .
- د. رامز محمد عمار, الوجيز في المنظمات الدولية, الطبعة الاولى, مطبعة البريستول, 2003.
- د. جمال عبدالناصر مانع, التنظيم الدولي ,ط1, دار الفكر الجامعي, الاسكندرية, 2007.
- د. خالد مصطفى فهمي, حقوق الطفل و معاملته الجنائية في ضوء الاتفاقيات الدولية, دار الجامعةالجديدة , 2007.
- Http://www.un.org/ar
- http://www.un.org/documents/charter
- http://www.unicef.org/arabic
-

| | |
|---|---|
| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
| **-پێشەکیەکی گشتی لەسەر بابەتەکان (هەفتەی یەکەم)**<br>**- خستنە ڕووی سەرچاوە زانستیەکان و بنەرەتیەکان و لاوەکییەکانی بابەتەکان**<br>___<br>**بنەماکانیمافی منداڵان (هەفتەی دووەم)**<br>**سەرهەلدان و پەرەسەندنی بنەماکانی مافی مندالان**<br>**مافەکانی مندال**<br>**چەمکی مندال و مافەکانی**<br>**پێناسەی ماف**<br>**پێناسەی مندال**<br>___<br>**مافەکانی مندال لە چەند خاڵێك (هەفتەی سێیەم)**<br>**مافەکانی منداڵ لە شەریعەتی ئیسلامدا**<br>___<br>**مافەکانی مندال لەسەردەمی نوێدا (هەفتەی چوارەم)**<br>**ڕێکەوتنامەی مافەکانی مندال**<br>___<br>**هەندێ خالی گرنگ دەربارەی ڕێککەوتننامەکە (هەفتەی پێنجەم)**<br>___<br>**چەند ماددەیەکی ڕێککەوتننامەکە (هەفتەی شەشەم)**<br>___<br>**چەند ولات ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵیان (هەفتەی حەوتەم)**<br>**پەسەند کردووە**<br>___<br>**کاریگەری ڕێککەوتننامەی مافەکانی منداڵ لەسەر ولاتاندا (هەفتەی هەشتەم)**<br>___<br>**هەرێمی کوردستان و مافەکانی منداڵ (هەفتەی نۆیەم)**<br>___<br>**کۆمیتەی مافەکانی منداڵ چۆن چاودێریی جێبەجێکردنی (هەفتەی دەیەم)**<br>**مافەکانی منداڵ دەکات**<br>___<br>**پێویستییەکانی منداڵ (هەفتەی یانزەم)** | **سروە علاءالدین عمر**<br><br>**3 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا** |

پێشێلکردنی مافەکانی منداڵ (هەفتەی دوانزەم)

ئێستاو ئایندەی مافەکانی منداڵ لەکوردستاندا (هەفتەی سیانزەم)

دوێنێی مافەکانی منداڵ لە عێراق و کوردستاندا (هەفتەی چواردەهەم)

ڕاپەرین و مافەکانی منداڵ لە کوردستاندا (هەفتەی پانزەهەم)

**تێبینی :** ئەگەری بوونی هەر گۆرانکارییەك لەپلانی ئەم کۆرس بووکەدا دەکرێت, وەك زیادکردنی بابەتێك یان لابردنی, یاخود جێگۆرکێکردنی بابەتەکان , لەم گۆرانکاریانەش قوتابیان ئاگادار دەکرێنەوە .

**ی19. تاقیکردنەوەکان**

**پ1. باسی ئەم مافانە بکە کە پەیوەندی بە ژیان و سەلامەتی کۆرپەلە هەیە لە شەریعەتی ئیسلامدا :**

**(6) نمرە**

**پ2. راست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە و هەڵەکانیش راست بکەوە ئەگەر هەبوو :**

**(6) نمرە**

1.گرینگترین ماف لە بوون بریتیە لە مافی شیر پێدان کە بنەمای هەموو مافەکانی ترە, بۆیە شەریعەتی ئیسلام ئەم مافەی بریارداوە بۆ منداڵ و رێگری کردووە لەوەی کە دەستدرێژی بکرێتە سەر .

**پ3. وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەوە :** **(8) نمرە**

1.کاریگەریە خراپەکانی کار لەسەر منداڵی ئیشکەر چین باسیان بکە؟ ئایا دەکرێت منداڵ کاری پێبکرێت؟

**20. تێبینی تر**

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**